# مام جەلال

## جێگری سەرۆکی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال

## یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

### ئەندامی هەمیشەیی

**ئامادەکردن**

**مەکتەبی بیروهۆشیاری**

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)
سلێمانی ـ گەڕەکی سەرچنار ـ ١٢١
کۆلانی ـ ٤٤
ژ.خانوو ـ ١

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

❊ **ناوی کتێب:** مام جەلال جێگری سەرۆکی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال ...

❊ **ئامادەکردن:** مەکتەبی بیروهۆشیاری

❊ **نەخشەسازیو بەرگ:** فەهمی جەلال

❊ **تایپ:** نیاز، شاناز، کوردستان، جوان، هەرێم

❊ **تیراژ:** ٢٥٠٠ دانە

❊ **چاپی یەکەم:** سلێمانی ٢٠٠٨

❊ **ژمارەی سپاردن:** (١٤٤١) ی ساڵی ٢٠٠٨ ی وەزارەتی رۆشنبیری

❊ **ژمارەی زنجیرە:** (٢٥٨)

❊ **چاپ:** دەزگای چاپو پەخشی حەمدی

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک). ساڵی ٢٠٠٨

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## پێشەکی:

ئەم نامیلکەیەی بەردەستتان پێکهاتووە لە وتارەکەی هەڤاڵ مام جەلالو چەند باسێك دەربارەی ڕێکخراوی سۆسیال ئینتەرناسیۆنال کە لەسەر دوایین کۆنگرەیانو هەروەها، دەربارەی ئەو ڕووداوە مێژووییەی کە (ی. ن. ك) بووە بەئەندامی هەمیشەییو لەهەمان کاتدا سەرۆك مام جەلال هەڵبژێراوە بەجێگری سەرۆکی ڕێکخراوی سوسیال ئینتەرناسیونال. ئەم روداوە خۆی لەخۆیدا ڕووداوێکی پڕبایەخی مێژووییەو دەستکەوتێکی بەرچاوی تری (ی. ن. ك) ە بۆ گەلی کوردستانو لەهەمان کاتدا بەرهەمی خەباتی نەپساوەی چەندین ساڵەی (ی. ن. ك)ە. جگە لەوەی هەمووان شانازی بەو دەستکەوتەوە دەکەین بەڵام ئەرکەکانی سەرشانمان لەداهاتوودا زۆرترو فراوانتر دەکات، لەڕووی ئەوەی کە چۆن بتوانین بیپارێزینو زیاتر گەشەی پێبدەین لەپێناو هێنانەدی دروشمی ئاشتیو دیموکراسیو مافی مرۆڤو عەدالەتی کۆمەڵایەتی.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

مەکتەبی بیرو هۆشیاری بەئەرکی هەنوکەیی خۆی زانی ئەم نامیلکە تایبەتە بەو کۆنگرەیەو بوونی ئەندامێتی هەمیشەیی (ی. ن. ك) و بوونی سەرۆك تاڵەبانی بەجێگری سەرۆکی ڕێکخراوی سوسیال ئەنتەر ناسیۆنالو لەهەمان کاتدا ووتارەکەی جەنابی مام جەلال لەوکۆنگرەیەدا کە وتارێکی مێژوویی گرنگەو سەرخەتی ئامانجو کارەکانی داهاتووی ئەو ڕێکخراوە دیاری دەکات لەم نامیلکەیەدا کۆبکەینەوەو بیخەینە بەر دەستی هەڤاڵانی ڕێکخستن.

ئەم بەرهەمەش درێژەی ئەو زنجیرەیەیە کە لەسەر فیکری سوسیال دیموکراسی دەستمان پێ کردووە تاکو ئێستا پێنج ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. هیوادارین بڵاوکردنەوەی ئەم نامیلکەیە باشترو چاکتر بەرچاوی هەڤاڵان رون بکاتەوە لەدەست نیشان کردنی ئەرکەکانی ئەم قۆناغەی خەباتمان.

بیروهۆشیاری



## دەقی وتەی سەرۆك مام جەلال
## لەبەردەم کۆنگرەی SI لەئەسینا

**ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/١ سەرۆك مام جەلال سکرتیری گشتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانو جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال SI وتەیەکی لەبەردەم کۆنگرەی ٢٣ی ڕێکخراوەکەدا لەئەسینای پایتەختی یۆنان پێشکەشکرد، ئەمەش دەقی وتەکەیە:**



مەکتەبی بیروهۆشیاری

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

هاوڕێی ئازیز جۆرج پاپاندریۆ

هاوڕێی ئازیز لەیس ئەیالا

هاوڕێیانی ئازیز.

سلاوێکی گەرمتان لێدەکەمو هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرە ڕەسەنەکەتان دەخوازم لەبەدیهێنانی ئەرکە جوامێرانەکانیدا، سەرفرازیشم رابسپێردرێم لەبارەی کارکردن لەپێناوی جیهانێکدا، کە بەئاشتی بژیو لەبارەی چارەسەکردنی ناکۆکییەکانیو نەهێشتنی نائارامیی قسەبکەم. ئەم ئەرکە ئامانجێکی مرۆڤایەتیی بەرزی ئەوتۆ بەرجەستە دەکات، کەزۆر دەمێکە مرۆڤایەتیی لەپێناویدا خەباتیکردووە، بەتایبەتی پاش جەنگی دووەمی جیهانو ئەو جەنگە ناوچەییانەی بەدوایدا هاتوون، کە بەهۆی ئەو جەنگانەوە مرۆڤایەتیی ژیانی ملیۆنان ئادەمیزادی لەدەستداوەو سامانێکی بێشوماری گەلانو وڵاتان بەفیڕۆچووەو پەلاماری چەندین سیماو مەڵبەندی شارستانیی درەوشاوەی ئەوتۆ دراوە، کەمرۆڤ لەدروستکردنیاندا داهێنانی کردووە. لەم سەردەمەی ئێستاشماندا کەسیماکانی جیهانگیریی دەرکەوتوونو گەلاڵەبوون، ئەم ئامانجە بەرزە بووەتە ئەرکێکی پیرۆزی لەدواخستن نەهاتوو. سیماو ڕواڵەتەکانی جیهانگیریی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەپەرەسەندنی خێرای تەکنۆلۆژیای گەیاندن و زانیاریو کۆمپانیا فرەڕەگەزەکانو چڕبوونەوەو ئاوێتەبوونی پیشەسازییە چوونیەکەکانو سەروەریی بازاڕی سەرمایەداریی لەدنیاو بەپیرەوەچوونی پێداویستییەکانی سەردەمی نوێ لەبوارەکانی سەقامگیرکردنی ئاسایشو ئارامیو بڵاوکردنەوەی پرەنسیپەکانی ئازادییەکانو بەها دیموکراسییەکانو مافەکانی مرۆڤدا خۆیان نواندووە، هەموو ئەمانە وادەخوازن هێنانەدی ئەم ئەرکە پیرۆزە بۆ قازانجی مرۆڤایەتیی ئەوپەڕی پێویست بێت. ئەوەی بەئەنجامگەیاندنی ئەم ئەرکەش سانا دەکات، هاوسەنگیی هێزەکانی ترسە لەدنیادا کەعەمباری چەکە ئەتۆمیو رۆکێتییەکان ئاماژەی بۆ دەکات، بەجۆرێك لەڕووی عەقڵانییەوە وادەکەن مەحاڵبێت جەنگێکی جیهانی لەنێوان دەوڵەتە گەورەکاندا بەرپابکرێت.

ئەوروپا کەئاگردانو گۆڕەپانی جەنگە جیهانییەکان بووە، بەهەنگاوی خێرا بەرەو تەواوکردنی یەکێتییەکەی خۆی رەوتدەکات، لەڕێگەی فراوانکردنی بازاڕە هاوبەشەکەیو دراوە یەکگرتوەکەی و هەرشتێکەوە کەبێتە مایەی تێپەڕاندنی پاشماوەکانی ئەو میراتە مێژووییە سەلبییەی خۆی کەناکۆکی چەکدارو دوژمنایەتیی مێژوویی خەسڵەتی ئەو میراتە بووە،



مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئاسیاش بەرەو گرتنەبەری سیاسەتی تەبایی و هاریکاری لەنێوان دەوڵەتانی خۆیو سیستمە سیاسییەکەیدا ملدەنێت.

لەمڕووەوە کۆماری گەلی چین کەتوانایەکی مرۆییو وزەیەکی ئابووریی گەورەو رێژەیەکی سەرسووڕهێنی گەشە بەخۆوە دەگرێت، هەرچی زیاتر بەرەو چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی خۆی لەگەڵ ناوچە لێیاخیبووەکانی دایدەشکێنێت، وەکو تایوان کەجارانو ئێستاشی لەگەڵدابێت بەشێکبووە لەنیشتمانی چین، ئەویش لەڕێگەی شێوازە دیپلۆماسی، وسیاسییەکانەوە، نەرمییەکی ئەوتۆشی نیشانداوە کەگەیشتووەتە رادەی قبوولکردنی دوو سیستمی کۆمەڵایەتیی لەچوارچێوەی یەك دەوڵەتداو دەستەبەرکردنی ئەوپەڕی ئازادیو دەسەڵاتی بۆ ئەو ناوچانە. لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستی خۆشماندا مۆڵگەیەکی خەتەرناکی جەنگەکان بەلەناوبردنی دیکتاتۆرییەتی سەدامی ریشەکێشکراو کەجەنگی لەناوبردنی دژی گەلی عیراق و جەنگی دوژمنکارانەی دژی هەردوو دراوسێ، کۆماری ئیسلامیی ئێرانو دەوڵەتی کوێتی برا بەرپاکردبوو، ئەوەبوو بەهۆی ئەو جەنگانەوە سەدان هەزار کەس کوژرانو هێندەی ئەوانیش بریندارو کەمئەندامو سەدان هەزارکەس بێوەژن و بێ باوك مانەوەو بەسەدان هەزارملیۆن دۆلاری سامانەکانی خۆرهەڵاتمان بەهەدەرچوونو کاولکاریو

مەكتەبی بیروهۆشیاری

وێرانكارییەكی ئەوتۆیان لەعێراقدا بەدوای خۆیاندا جێهێشت، كەچەندین ساڵو كۆششێكی گەورەو ملیۆنان دۆلارمان پێویستە بۆ ئەوەی سەرلەنوێی بنیاتیبنێینەوەو ئاوەدان و تازەی بكەینەوە.

ململانێی عەرەب- ئیسرائیل بەرەو دەستپێكردنی قۆناغێكی نوێدەڕوات كەخەسڵەتەكەی پەیڕەوكردنی پرۆژەكەی عەرەبە بۆ ئاشتی كەدەوڵەتانی عەرەب لەسەری هاودەنگن و بەمپێیەش هاتنەكایەی دوو دەوڵەتی ئاشتیخوازی پێكەوەژیاو فەلەستین و ئیسرائیل و ئاساییكردنەوەی پەیوەندییەكانی عەرەب- ئیسرائیل لەڕێگەی جێبەجێكردنی بڕیارەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان و سەروەریی شەرعییەتی نێودەوڵەتیی پەسندكراوە، بەجۆرێك بێتە مایەی ئەوەی ئیسرائیل بەئاشتی و دڵنیایی لەگەڵ دراوسێكانیدا بژین، ئامادەشن پەیوەندی بازرگانی و ئابووری و سیاسی ببەستن، كە خێری بۆ هەردوولا تێدا بێت.

دانوستاندنی نێوان سوریاو ئیسرائیلیش بەچاودێری توركیای حزبی عەدالەت و پەرەپێدان لەم چوارچێوەیەدا دێت، بۆ ئەوەی پاڵپشتی ئەم شێوە ئیجابییە بكات و تەوژمێكی نوێی گەشبینی و هیوا ببەخشێت.



مەكتەبی بیروهۆشیاری

ئەفریقا چەندین هەوڵی جددی بۆ چەسپاندنی بناغەی بەتینی تەبایی و هاریكاریی بەخۆوە دەبینێت، ئەمریكای لاتینیش بەهەمان شێوە.

ئەم تابلۆ ئیجابییەو ئەو دەستكەوتانەی كە ڕەنگیانداوەتەوە بەو مانایە نییە كە ئاشتی داواكراو بەدیهاتووەو ناكۆكییەكان كۆتاییان هاتووە. ئەو دەوڵەتە كۆلۆنیالیستانەی كە بۆ سەردەمێكی درێژ وڵاتانی ئاسیاو ئەفریقایان داگیركردبوو، چەندین كێشەو ناكۆكیی سنوورییان لەدوای خۆیاندا جێهێشتووە، ئەویش لەئەنجامی ڕێزنەگرتنیان لەمافی گەلان لەدیاریكردنی چارەنووسی خۆیانداو كێشانی سنوورە نێودەوڵەتییەكان بەشێوەیەكی ئەوتۆ كە دەڵێن، بۆ نموونە نوێنەری بەریتانیا بەگۆچانەكەی دەستی لەسەر لمدا سنووری وڵاتانی عەرەبی كەنداوی دەكێشا.

لەكاتێكدا تابلۆی ئاڵۆزی ململانێی نێوان كیشوەرو وڵاتان دەخەمەڕوو، نامەوێت ئەو ناكۆكییانەی لەچەندین شوێنی جیاجیای دنیادا ماونەتەوە بەكەم سەیر بكەم، كە ڕەنگە ببنە مایەی جەنگی وێرانكارانەی ئەوتۆ كە سەرەنجامەكانیان تەنیا لایەنە ڕاستەوخۆكان نەگرێتەوە، بەڵكو بگەنە چەندین دەوڵەت بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ یان بەوەكالەت، وەك ململانێی عەرەب و ئیسرائیل و ململانێ لەقوبرس و كشمیردا.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئـەوەی کێـشەکەی ئـاڵۆزتریش کـردووە، ئەوەیـە شـەپۆلێکی فراوانـــی تیرۆریزمـــی کوێرانـــە لەخۆرهـــەڵاتی ناوەڕاسـت‌و ئەفریقاوە دەرچووەو هەڕەشـەی بڵاوبوونـەوە لـەدنیادا دەکات، بەجۆرێك هەڕەشە لەئاشتی‌و ئارامیی لەچەندین وڵاتدا دەکات، لەنێوانیانـدا عیراقـی نیـشتمانمان کـە چـەندین سـەرکەوتنی بەرچـاوی بەسـەر تیرۆریزمـی پـەلاماردەری لـەدەرەوەهاتوو بەسـەر ملیـشیا ناوخۆییەکانـدا تۆمـار کـردووە، بـەڵام سـەرەڕای ئەوانـە هێـشتا لـەپێناوی ڕزگـاربوون لەخراپەکارییـەکانی ئـەم بەڵا جیهانییە وێرانکەرەدا خەبات دەکات.

## هاوڕێیانی ئازیز

دیمـەنی هەنوکـەیی دنیـا بـەو دەسـتکەوتانەی ڕەنگیـان پێدەداتـەوەو بـەو وێکنەچـوونە ململانـێ و ناکۆکییانـەی هەناویدایـە هـەوڵێکی لەڕادەبـەدەر لەئینتەرناسـیۆنالەکەمان دەخوازێت بۆ کاری جددی لـەپێناوی جیهانێکدا کەئاشتی باڵی بەسـەردا بکێـشێت‌و تێیـدا هەوڵەکانی پێکەوەبـدرێن لـەپێناوی نەهێشتنی ناکۆکی‌و کێشە هەڵپەسێردراوەکاندا.

بوارمپێبـدەن لەگەڵتانـدا راشـکاوانە قـسەبکەم و پێتـانبڵێم ئـەوە شـتێکی قبـوولکراو نییـەو لـەقازانجی پرەنـسیپە بەرزەکانمانـدا نییـە، کەسۆسیالیـست ئینتەرناسـیۆنال هـەروا



مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەسانایی وەك پەندە عەرەبییەکە دەڵێت بەسەر ئەو مەسـەلەو ئەرکـە لەدواخـستن نەهاتوونـەدا تێپـەڕبییێت، کەڕووبەڕووی سـەردەمەکەمان بوونەتـەوە، بـەڵکو ڕۆڵێکـی مێـژوویی شـکۆمەندانەو ئەوپـەڕی گـرنگ چـاوەڕێیدەکات‌و دەکەوێتـە ئەستۆیەوە.

بشمبەخـشن تـاوەکو بەڕاشـکاوییەکی هاوڕێیانـە لـەم سـەکۆ هاوبەشەمانەوە بیروڕاو پێشنیازەکانی خۆم لـەبارەی ئـەو ڕۆڵـە پڕشکۆیە بخەمەروو، کەدەکرێت سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال‌و حزبەکانی بیگێڕن:

**یەکەم:**

أ- دەستپێـشخەریی بکرێـت بـۆ دارشـتن‌و پێـشکەشکردنی پرۆژەیـەکی هەمـەگیر کـە لەسـەر پرەنـسیپەکانی مـافی چارەی خۆنووسـین‌و مافـەکانی مـرۆڤ بنیاتنرابێـت و چارەسـەری سیاسـیی ئاشـتییانە بـۆ ناکۆکییـەکان بگرێتەبـەرو تیرۆریـزم ئافەرۆز بکات لەگەڵ مـەحکومکردنی بـەکارهێنانی زەبـروزەنگ دژی خـەڵکی مـەدەنیی لەلایـەن تاکەکـەس و ڕێکخـراوو حکومەتەکانەوە تەئکید لەسەر پیادەکردنی گشت شێوازەکانی تێکۆشـانی سیاسـی‌و دیپلۆماسـی‌و پەرلـەمانی‌و جـەماوەری وراگەیاندن‌و سەندیکایی بکرێتەوە وەك ڕێگەیەك بۆ هێنانەدی ئامانجە ڕەواکانی گەلان.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەم ڕێبازە کە لەگەڵ مەرجەکانی سەردەمەکاندا کۆکە، پێچەوانەی گرتنەبەری کاری چەکداری، یاخود سیاسەتی دوژمنکارانەیە.

ب ـ هەڵمەتێکی جۆشدانی جیهانیی بەرفراوان بە شێوازی جۆراوجۆر ڕێککبخرێت، بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەهەندەکانی پرۆژە گشتییە داڕێژراوەکەو ناوەڕۆك و شێوازو ئامرازەکانی جێبەجێکردنەکەی و ئەو پرەنسیپو بڕیارە نێو دەوڵەتییانەی پشتیان پێدەبەستێت و ڕەنگدانەوەی ئەو ویستەی گەلان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیانداو مەترسیی هەڵگیرسانی ناکۆکییە ناوچەییەکان بەسەر ئاسایشی گەلانو پێشکەوتنیاندا کە ئاماژەیان بۆ دەکات.

**دووەم:**

ئەمجۆرە هەڵمەتە وادەخوازێت گشت ئامرازێکی گەیاندنی جەماوەری و کەناڵێکی ڕاگەیاندن چاپکراوو بیستراوو بینراو، هەروەها سیمنارو دیدارو کۆبوونەوە پەیڕەو بکرێن.

**سێیەم:**

لیژنەیەکی باڵا لەگەورە سەرکردەکانی سۆسیال ئینتەرناسیونال پێکبهێنرێت، ئەرکی ئەوەبێت شێوازی پرۆژەکەو بەرنامەی ڕاگەیاندنو جەماوەریی بگرێتە ئەستۆ، تاوەکو بانگەشەی بۆ بکات، هەروەها ڕێکخستنی چالاکیی



سیاسیو دیبلۆماسیو ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیکردینان لەسەر هەردوو ئاستی نێودەوڵەتییو ناوچەییەدا، بانگەشەش بۆ بەستنی کۆبونەوەو کۆنفرانسی ناوخۆییو نێو دەوڵەتیی پێویست بکات، بە مەبەستی کارکردن لەپێناو ئاشتیو ئاسایشو چارەسەرکردنی ناکۆکییە جیاجیاکانو دامرکاندنەوەی سەرچاوەکانی گرژیی لەدنیادا.

فرەیی ئەرکەکانو لقو پۆپەکانیان، وا لەلیژنەی سۆسیال ئینتەرناسیۆنال دەخوازێت، کە چەند لیژنەیەکی گرێدراو بەخۆی پێکبهێنێت.

١ـ لیژنەیەك لەنەتەوە یەکگرتووەکان لەنوێنەرانی ئەو حکومەتانەی کە حزبە سۆسیالستەکان سەرکردایەتی دەکەن، یان تێیاندا بەشدارن پێکبهێنرێت، کە کاری بەگوڕو نەپساوە لەناو ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی ئەنجومەنی ئاسایش، کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤو تێکڕای لیژنە لێوە هەلقوڵاوەکانی بگرێتە ئەستۆ. بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی پرۆژەی ئینتەرناسیۆنالەکەمانو بانگەشەکردن بۆ پەسندکردنیو کارکردن لەبەر ڕۆشناییەکەی تا دەگاتە بە نێو دەوڵەتیکردنی لەچوارچێوەی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانو ئەنجومەنی ئاسایشدا، بەو مەرجەی لیژنەکە چاودێریی چالاکییەکانو

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

پێشلکارییەکانو ئەو ناکۆکییانە بکات، کە پەیوەستن بە بواری چالاکیی خۆیەوەو کار بۆ وروژاندنیان لەکۆڕەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بکات.

٢- چەند لیژنەیەکی تایبەتی هاوشێوە لەیەکێتی ئەورووپاو ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئیسلامیو دەوڵەتانی بێلایەنو جامیعەی عەرەبی لەپێناوی هێنانەدی ئامانجەکانی پرۆژەکەدا پێکبهێنرێت.

٣- لیژنەیەکی تایبەت پێکبهێنرێت، کە ئەرکی بەدواداچوونێکی کاریگەرو بەردەوامیی ناکۆکی عەرەب - ئیسرائیل بێتو چارەسەرە سیاسیو دیبلۆماسییەکان پەیرەوبکاتو هەوڵی هێنانەدییان بە گوێرەی بڕیارە نێو دەوڵەتییەکان بدات، ئامانجیشی ئەوەبێت هەموولایەك زەبروزەنگو گرتنەبەری چەكو تیرۆریزمو وەلابنێنو بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بەپیر ڕۆڵی نێو نەتەوەییو جیهانییەوە بچن.

٤- هەروەها لیژنەی تایبەت بە مافەکانی گەلی کورد بە گوڕ بکرێت، چەند لیژنەیەکی تایبەتیش بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکانی قوبرسو کۆسۆڤۆو ئەفغانستانو عێراق پێکبهێنرێت.



مەکتەبی بیرو هۆشیاری

**چوارەم:**

حزبە ئەندامەکان ڕابسپێردرێن بە پابەندبوونی جددیو کارا بە پرۆژەی نێو نەتەوەییو پشتیوانکردنی چالاکییەکانی لیژنە جیاجیاکانو بەشداریکردنی ئیجابیی لەهەر شتێك کە ببێتە مایەی چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانەی تایبەتن بەو وڵاتانە خۆیانەوە، ئەویش بە پشتبەستن بە پرۆژەکەو پرەنسیپەکانی، بە جۆرێك ئەو حزبانە وەك نوێنەری ڕاستەقینەی پرەنسیپەکانی سۆسیال ئینتەرناسیۆنالو کرۆكو ناوەرۆکی پرۆژە نێو نەتەوەییەکەی بۆ ئاشتیو ئاسایش دەربکەون.

**پێنجەم:**

بەشداریکردنی کارا لەو دانوستاندنو ناوبژیوانییانەدا بکرێت، کە مەبەستیان چارەسەرکردنی ناکۆکییە ناوچەییەکانە.

**شەشەم:**

هاریکاریو هاوئاهەنگیی لەگەڵ ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکاندا بکرێت بە پشتبەستن بە بڕیارەکانی شەرعییەتی نێو دەوڵەتی، پشتگیری هەوڵە بە کۆمەڵەکانیش بکرێت لەپێناوی سەرخستنی پرۆژە نێو نەتەوەییەکەماندا.

مه کتەبی بیرو هۆشیاری

**حەوتەم:**

کار بۆ جۆشدانی نێوەندە جیاجیاکانی رای گشتیی جیهان لەتێکڕای وڵاتاندا بکرێت، هێزی کرێکارو گەلان‌و پەرلەمان‌و سەندیکاو حزبەکان بەلای خۆماندا رابکێشین‌و بانگەشەبکرێت بۆ ئەوەی پشتگیریی پرۆژەکە بکەن‌و کار بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێو دەوڵەتییەکان بکرێت‌و هەڵوێستی هێزەکانی دژ بە پرۆژەکەو رێبازو بۆچوونەکانی مەحکوم بکرێت.

**هەشتەم:**

هاریکاری‌و هاوئاهەنگیی لەگەڵ فیدراسیۆنە نیشتمانی‌و نێو دەوڵەتییەکان‌و سەندیکاکانی کرێکاران‌و رێکخراوەکانی ژنان‌و خوێندکاران‌و لاوان‌و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی‌و بانگەشەکارانی مافەکانی مرۆڤو رێکخراوەکانی دیکەدا بکرێت، بە مەبەستی هێنانەدی فروانترین جۆشدانی جەماوەریی لەژێر رێنوێنی لیژنەی باڵای سۆسیال ئینتەرناسیونال لەپێناو سەرخستنی پرۆژەکەمان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە ناوچەییەکان‌و گرژی‌و رێگرتن لەئاگری جەنگ‌و هێنانە کایەی ئاشتییەکی تۆکمەو ئاسایشێکی بەرقەراردا.

**هاورێیانی ئازیز:**

من ئیدعا ناکەم ئەم پێشنیازانە بۆ پرۆژەیەکی نێو نەتەوەیی چارەسەرێکی ئەفسوناوییە بۆ هێنانەدی ئاسایش‌و



مه کتەبی بیرو هۆشیاری

ئاشتی، بەڵام دەکرێت وەك دەروازەیەك بۆ کاری جددی بێوچان بە مەبەستی گەشەپێدانی کۆمەڵێك هێزی زیندوو لەقەڵمبدرێت کە لەبەرژەوەندی خۆیاندایە وبەم ئاراستە بەرزە بەئەنجام بگەیەنرێت.

من ئەو شتانەی پێشکەشمکرد لەمەترسی‌و ئاراستەکان‌و لەهەڵسەنگاندنی راست‌و دروستی هێزەکانی سۆسیال ئینتەرناسیونال‌و توانا گەورەکانیان لەچەندین شوێنی کاریگەری دنیادا سەرچاوە دەگرن، کە ئەگەربێت‌و ئەو توانایانە بەشێوەیەکی کاریگەرو بەردەوام بەکاربهێنرێن، ئەوا دەکرێت بەرەو زاڵبوون بەسەر کۆسپەکان‌و کردنەوەی گرێیەکان پێشرەوی بکەین، ئەمەش دەرگای هیوا لەبەردەم مرۆڤایەتی ئاواتەخوازدا دەکاتەوەو دەیگەیەنێتە سەقامگیرکردنی چەندین بناغەی مومکین لەپێناوی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان‌و دامرکاندنەوەی ئاگری ئەو ناکۆکییانەدا.

ئەو قۆناغە مێژووییەی سۆسیال ئینتەرناسیۆنال پێیدا تێپەردەبێت کە قۆناغێکە چەندین سیمای ئیجابیی نوێ بەخۆوە دەگرێت، وا لەحزبەکانمان‌و هێزەکانمان دەخوازێت کاری جددی‌وبێوچان بەیەکرپیزیی بکەن تاوەکو رۆڵی مێژوویی پڕ شکۆی خۆمان بگێرین.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## بەرنامەی کاری ٢٣یەمین کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال لەئەسینا

ڕۆژی ٣٠ی حوزەیران تا ٢ی تەمموز لەئەسینای پایتەختی یۆنان ٢٣یەمین کۆنگرەی سۆسیال دیموکراتەکانی جیهان بەڕێوە چوو کە نزیکەی (١٥٩) حزب‌و ڕێکخراو لەسەرتاسەری جیهانەوە تێیدا بەشدارییان کرد، لەعێراقیشدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك ئەندامی ئەو ڕێکخراوە بەشداری کرد.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

### کارەکانی کۆنگرە

لەژێر دروشمی (هاریکاری جیهانی، ئازایەتی بۆ هێنانەکایەی جیاوازی) ڕۆژانی ٣٠ی حوزەیران - ٢ی تەمموز، بیست‌و سێیەمین کۆنگرەی سۆسیال دیموکراتەکان لەئەسینای پایتەختی یۆنان سازکرا. تەوەرە سەرەکییەکانی کۆنگرە چوار پرسی گرنگ بوون لەسەر ئەم پرسانە گفتوگۆکانی کۆنگرە درێژەیان کێشا کە لەچەقی خەباتی بزوتنەوە سۆسیال دیموکراتەکانی جیهاندان‌و ناوەندی کێشەکانی کۆمەڵی نێودەوڵەتیین، ئەوانیش:

★ پرسی گۆڕانی کەش‌و هەوا لەجیهان.

★ پرسی ئاشتی‌و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان.

★ پرسی ئابووری

★ پرسی کۆچکردن.

وتوێژکردن لەسەر بیرۆکەکانی کۆنگرە لەلایەن لێدوانی قسەکەرە سەرەکییەکان، بەشداری وەفدی حزبە ئەندامەکان، هەروەها مشتومڕی پانێڵ بۆ تاقیکردنەوەو نزیککردنەوەی هەندێ لایەنی دیاریکراو لەناو کۆنگرەکە ئەنجام درا.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## بیرۆکەی یەکەم:

یەکەمین بیرۆکەی سەرەکی کە بریتییە لە (هەنگاونان لەبواری کەش‌و هەوا لەئێستادا: بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵگەیەکی جیهانی بەرگەگر). لەسەر بنەمای کاری بەردەوامی کۆمیسیۆنی سۆسیالیست ئینتەرناسیونالە بۆ کۆمەڵگەیەکی جیهانی بەرگەگر، کە بەم دواییانە لەلەندەن لەنۆڤەمبەری ٢٠٠٧داو لەسانتیاگۆ، شیلی، لەمارسی ٢٠٠٨دا کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامداوە. وتوێژەکە دوو پانێڵ ـ ی مشتومڕیش دەگرێتەخۆ، یەکێکیان ئەوەیە کە چۆن سەرکەوتووانە بگەینە سیستمێکی ژینگەیی خاوێن پاش ٢٠١٢، پاشان چۆن ئێمە بیناسازی فرەلایەن بەهێز بکەین بۆ ئایندەیەکی بەرگەگر؟

## بیرۆکەی دووەم

(کارکردن بۆ جیهانێك لەئاشتییدا: بۆ چارەسەرکردنی ململانێکان‌و کۆنترۆڵکردنی ناسەقامگیری). ئەمەشیان تیشك دەخاتە سەر کارو چالاکییەکانی سۆسیالیست ئینتەرناسیونال لەو ناوچە جیاجیایانەی کە تیایاندا ململانێیەکی کراوە هەیە یان تیایدا ئاشتی‌و سەقامگیری لەژێر هەڕەشەدان لەوتوێژێکدا کە بکەرە سەرەکییەکان تیایدا ئامادە دەبن. مشتومڕی پانێڵی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەم بیرۆکەیە بریتییە لە (ململانێ بۆ دیموکراسی لەپێناو بنبڕکردنی ململانێی نیشتمانی) کە تاووتوێی کێشەکانی گەلان دەکات لەو شوێنانەداکە نەبوونی دیموکراسی سەردەکێشێت بۆ سەرکوتکردن، توندوتیژی‌و ئازاردانی مرۆیی.

## بیرۆکەی سێیەم

قسەکەرە سەرەکییەکان بەشدارییان لەم بیرۆکەیەش کردووە ئەویش بە (بەرنامە دارشتن بۆ ڕێکخستنی ئابووری جیهانی لەسەر شێوازێکی نوێ بۆ ئەوەی گەشەسەندن‌و پێشکەوتن دەرفەتیان لەگەڵدا بێت بۆ هەمووان). ئەمەش پانێڵێکی لەگەڵدایە کە باس لەکێشەی کەموکورتی خۆراك‌و بەرزبوونەوەی نرخ دەکات بەناونیشانی (مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی خۆراکدا: دیدێکی دوور مەودا). لەسەر ئەم بیرۆکەیە، ڕاپۆرتێك کە ئەنجامی مشتومڕی حزبە ئەندامەکانی ناوچە جیاجیاکانی جیهانە لەم ناوبڕەی کۆنگرەدا لەلایەن کۆمیتەی نێودەوڵەتی کارکردن لەسەر دۆسییە ئابوورییەکان پێشکەش کراوە.

## بیرۆکەی چوارەم

کۆنگرە تاووتوێی کێشەی جیهانی کۆچ دەکات، ئەمەش لەژێر ناونیشانی (بەخشینی ڕوویەکی مرۆیی بەکۆچ: بۆ ئەوەی

ئەجێندایەکی نوێی کۆچ بنیات بنێت، ئەولەویەت بدات بەخەڵك) کە تیایدا راپۆرتێك لەلایەن کۆمیتەیەکەوە پێشکەش کرا کە دەستو پەنجەی لەگەڵ ئەو دۆسیە روو لەدەرکەوتنانە کردووە کە ئەنجامی ئەم دیاردەیە بوون لەسەرتاسەری جیهاندا. پانێڵی ئەم بیرۆکەیە تایبەت دەبێت بە (کۆچو گەشەسەندن) کە ئەم پرسیارە دەورژێنێت: چۆن هەردوو وڵاتی زێدو وڵاتی ئامانج دەتوانن کەڵك لەشەپۆلەکانی کۆچ وەربگرن؟

کۆنگرە، کە بەرزترین دەستەی بڕیاردەری ڕێکخراوەکەیە ستراتیژو ئەولەویەتی سیاسی دادەنێت بۆداهاتوو ئەندامی نوێ قبوڵ دەکاتو دەسەڵاتی ئینتەرناسیونال هەڵدەبژێرێت.

**لەکوردستانیش بەگشتی دوو پارتی سیاسی بەشدار بوون:**

یەکەمیان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە بەنوێنەرایەتی سکرتێری گشتی مام جەلال تاڵەبانی کە نوێنەرایەتی هەموو عیراق دەکەن لەم کۆنگرەیەدا ئەندامێتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو بەشداربوونەکەی لەجۆری ئەو وڵاتانەیە کە دەسەڵاتدارن Currently Governing و وڵات بەڕێوە دەبەن.

دووەمیان: حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)یە کە وەکو پارتێکی چاودێر لەم کۆنگرەیەدا بەشدارن.



جێی ئاماژەپێکردنە شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملو سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) خۆیو پارتەکەی دەستپێکی پارتە کوردەکان بووە لەبەشداریکردنو ڕۆڵی گەورەشی هەبوو لەناساندنی پرسی گەلەکەیو ناساندنی پارتەکانی تری شۆڕشگێڕ بەسەرکردەکانی سۆسیال دیموکرات لەجیهان بەگشتیو بەئەوروپاو فەرەنسا بەتایبەتی.

سەرۆکایەتیکردنی کۆنگرەکە لەلایەن جۆرج پاپاندریۆ (George Papandreou)وە بوو کە سەرۆکی بزوتنەوەی پانهێلینکی سۆسیالیستی (Panhellenic Socialist Movement) (پاسۆك)ی یۆنانە، پاپاندریۆ لەدایکبووی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایەو تەمەنی ٥٥ ساڵەو ئەرسەدۆکسی یۆنانییەو لەساڵی ٢٠٠٦وە سەرۆکی ڕێکخراوەکەیە. جۆرج پاپاندریۆ هەشتەمین سەرۆکە بۆ سۆسیال دیموکراتەکانی جیهان، کاتێك ساڵی ٢٠٠٦ پارێزەرێکی موسوڵمانی یۆنانی بەرەگەز تورکی بۆ هەڵبژاردنەکانی ناوخۆ هەڵبژارد تووشی هەراو ڕەخنەی توند بووەوە لەلایەن راستڕەوە توندەکانو ناسیۆنالیستە توندەکانی یۆنانو بەهۆی گرفتی ئەو ئاگرە مەزنانەی کە بەشێکی زۆری دارستانەکانی یۆنانی سوتاند پاپاندریۆو پارتەکەی لەهەڵبژاردنی گشتی ٢٠٠٧دا نەیانتوانی سەرکەوتن بەدەستبهێنن لەبەرامبەر نەیارەکەی (کارامانلیس)،

که هەردوو بنەماڵەی پاپاندریۆو کارامانلیس بۆ ماوەی پەنجا ساڵە لەپێشبڕکێدان بۆ بەڕێوەبردنی وڵات بەشێوەیەکی دیموکراتییانە.

شایانی باسە کۆنگرە بەرزترین پێگەی بڕیاردانە لەڕێکخراوی سۆسیال دیموکرات کە تیایدا کارە هەنوکەییو ستراتیژییەکان بۆ ماوەی ئاییندە دیاری دەکرێت، هەروەها ئەندامی نوێ وەردەگیرێنو هەڵبژاردنیش بۆ دەسەڵاتە نێونەتەوەییەکانیش دەکرێت کە سەرۆك تاڵەبانی پێگەیەکی بەرزی. بەدەست هێنا لەو کۆنگرەیەدا وەکو جێگری سەرۆك.

مەکتەبی بیروهۆشیاری



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## سۆسیالیست ئینتەرناسیونال
## چۆن سەریهەڵداو بۆچی خەبات دەکات؟

### مێژووی SI

سۆسیال ئینتەرناسیونال (SI) کە لەساڵی ١٩٥١دا دامەزراوە، ڕێکخراوێکی جیهانییەو پێکهاتووە لەحزبە سیاسییە سۆسیالیستو سۆسیال دیموکراتو حزبو گروپەکانی کار (لەیبەر).



مەکتەبی بیروهۆشیاری

(ئینتەرناسیونالی دووەم) کە لە ١٨٨٩دا پێکهاتو لەسەرەتای جەنگی جیهانی یەکەمدا، لەساڵی ١٩١٤دا، هەڵوەشایەوە لەو حزبانە پێکهاتبوون کە دواتر سۆسیالیست ئینتەرناسیونال ـ یان پێکهێنا. لەهەنگاوە هەرە گرنگەکانی ئەم ڕێکخراوە بریتییە لەڕاگەیاندنی ڕۆژی یەکی ئایاری هەموو ساڵێك وەك ڕۆژی جیهانی کرێکارو ڕاگەیاندنی ٨ی مارس وەکو ڕۆژی جیهانی ژنان لەسەرانسەری جیهاندا. لەکاتێکدا کە ئینتەرناسیونالی دووەم بەسەرهەڵدانی جەنگی دووەمی جیهانی پارچە پارچە بوو، هەیکەلەکەی لەشێوەی (کۆمیتەی سۆسیالیستە نێودەوڵەتییەکان)دا مایەوە. ئینتەرناسیونال لەساڵی ١٩٣٠دا ریفۆرم کرا (لەشێوەی ئینتەرناسیونالی کاری سۆسیالیستو جارێکی تر، لەشێوەی ئێستایدا، پاش جەنگی دووەمی جیهانی ڕێکخرایەوە (لەو ماوەیەدا زۆر لەپارتە سۆسیالیستو سۆسیال دیموکراتەکان لەئەوروپای داگیرکراودا لەلایەن نازییەکانەوە لەژێر گوشاردا بوون). لەپاش جەنگی دووەمی جیهان سۆسیالیست ئینتەرناسیونال یارمەتی حزبە سۆسیال دیموکراتەکانیدا خۆیان بنیات بنێنەوە، کاتێك کە ڕێگا بۆ دیموکراسی خۆشکرا لەپورتوگال (١٩٧٤)داو لەئیسپانیا لەساڵی (١٩٧٥)دا. تاوەکو کۆنگرەی ١٩٧٦ی جنێف، سۆسیالیست

ئینتەرناسیونال چەند ئەندامێکی کەمی هەبوو لەدەرەوەی ئەوروپاداو هیچ پەیوەندییەکی بەئەمریکای لاتینییەوە نەبوو.

لەهەشتاکاندا زۆربەی حزبەکانی سۆسیالیست ئینتەرناسیونال پشتیوانی خۆیان بۆ (بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی ساندنیستا FSLN ـ ی نیکاراگوایی دەربڕی کە حکومەتی باڵی چەپەکەی ببووە هۆی ورووژاندنی دوژمنکاری لەلایەن ئەمریکاوە. لەوکاتەوە سۆسیالیست ئینتەرناسیونال نەك تەنیا FSLN، بەڵکو پارتی سەربەخۆیی پیۆرتۆریکان ـ ی چەپی میانڕەو، هەروەها حزبە کۆمۆنیستەکانی پێشووی وەکو دیموکراتە ئیتالییەکانی چەپ (DS)و بەرەی ڕزگاریخوازی مۆزەمبیق ـ FRELIMOی بەئەندام وەرگرتووە.

پارتە سۆسیالیستەکانی ئەوروپاو پارتی سیاسی ئەوروپا کە لەپەرلەمانی ئەوروپادا چالاکن، دوو ڕێکخراوی پەیوەستن بە سۆسیالیست ئینتەرناسیونال ـ ەوە.

### سەرنجی خێرا

سۆسیالیست ئینتەرناسیونال ڕێکخراوێکی سیاسییە لەسەر بنەمای ئازادیو عەدالەتو هاریکاری، سۆراخی بنیاتنانی سۆسیالیزمێکی دیموکراتیك دەکات. ئامانجی ڕێکخراوەکە



بریتییە لەبەهێزکردنی پەیوەندی ڕێکخراوو پارتە ئەندامەکانو هەماهەنگیکردنی بۆچوونو چالاکییەکانیان بەڕەزامەندی، هەروەها ڕێکخراوەکە دەیەوێت پەیوەندی نێوان سۆسیالیست ئینتەرناسیونالو ئەو پارتە مەیلەو سۆسیالیستانە بەهێز بکات کە ئەندام نین لەڕێکخراوەکەدا، بەڵام ئارەزووی هاریکارییان هەیە.

ڕێکخراوەکە ئەم ئۆرگانانەی هەیە:

کۆنگرە، ئەنجومەن، کۆمیتەی داراییو بەڕێوەبردن، سکرتاریەت.

ـ یەکەمین کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەرناسیونال لەفرانکفۆرت بوو لەساڵی ١٩٥١دا.

ـ ئەم ڕێکخراوە، سێ پلەی ئەندامێتی هەیە بۆ حزبەکان:

ـ ئەندامی تەواو کە مافی قسەکردنو دەنگدانی هەیە، هەروەها ئەرکی بەخشینی ئابوونەی ئەندامێتی هەیە.

ـ ئەندامی ڕاوێژکار، مافی قسەکردنو ئەرکی بەخشینی ئابوونەی هەیە، بەڵام مافی دەنگدانی نییە.

ـ ئەندامی چاودێر، مافی ئامادەبوونو چاودێری کۆبوونەوە ئاساییەکانی هەیە، ئەرکی بەخشینی ئابوونەی ساڵانەی هەیە، بەڵام مافی دەنگدانی نییە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ڕێکخراوەکە دوو لقی لێدەمێنێتەوە:

ـــ ڕێکخراوە برایەتییەکان، ژنانی سۆسیالیست ئینتەرناسیونال (SIW)، یەکێتی نێودەوڵەتی گەنجانی سۆسیالیستو بزاڤی ڤالکۆنی نێودەوڵەتی ـ پەروەردەی سۆسیالیستی نێودەوڵەتی (IFM/SEI) کە مافی قسەکردنو دەنگدانیان هەیە.

ـــ ڕێکخراوە پەیوەستەکان، تایبەتمەندی هەرێمیو نێودەوڵەتییان هەیە، لەلایەن سۆسیالیست ئینتەرناسیونالەوە دانیان پێدانراوە، مافی قسەکردنیان هەیە، بەڵام مافی دەنگدانیان نییە.

**تاکو ئێستا بیستو دوو کۆنگرە بەستراون لەم شوێنو کاتانەدا:**

* فرانکفۆرت (ئەڵمانیا) ساڵی ١٩٥١ ـ یەکەم کۆنگرە.
* میلان (ئیتالیا) ساڵی ١٩٥٢ ـ دووەم کۆنگرە.
* ستۆکهۆڵم (سوید) ساڵی ١٩٥٣.
* لەندەن (بەریتانیا) ساڵی ١٩٥٥.
* ڤیەننا (نەمسا) ساڵی ١٩٥٧.
* هامبۆرگ (ئەڵمانیا) ساڵی ١٩٥٩.
* ڕۆما (ئیتاڵیا) ساڵی ١٩٦٠.
* ئەمستردام (هۆڵندا) ساڵی ١٩٦٣.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

* بروکسل (بەلجیکا) ساڵی ١٩٦٤.
* ستۆکهۆڵم (سوید) ساڵی ١٩٦٦.
* ئەستەمبوڵ (تورکیا) ساڵی ١٩٦٩.
* ڤیەننا (نەمسا) ساڵی ١٩٧٢.
* جنێڤ (سویسرا) ساڵی ١٩٧٦.
* ڤانکۆڤەر (ئەڵمانیا) ساڵی ١٩٧٨.
* مەدرید (ئیسپانیا) ساڵی ١٩٨٠.
* ئەلبوڤێرا (پورتوگال) ساڵی ١٩٨٣.
* لیما (پیرۆ) ساڵی ١٩٨٦.
* ستۆکهۆڵم (سوید) ساڵی ١٩٨٩.
* بەرلین (ئەڵمانیا) ساڵی ١٩٩٢.
* نیویۆرك (ئەمریکا) ساڵی ١٩٩٦.
* پاریس (فەرەنسا) ساڵی ١٩٩٩.
* ساوپاولۆ (بەرازیل) ساڵی ٢٠٠٣.
* ئەسینا (یۆنان) ساڵی ٢٠٠٨.

**سەرۆکەکان** (Presidents)

لە ساڵی (١٩٥١)ەوە تاکو ئێستا هەشت سەرۆك پاڵێوراون بۆ سەرۆکایەتیکردنی سۆسیال دیموکرات درێژترین کاتیان سەرۆکایەتی (ویلی برانت ـ Willy Brandt) بوو کە ١٦ ساڵ

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لەدوای یەك سەرۆك بوو، کەمترینیشیان کەمتر لەساڵێك بوو کە سەردەمی سەرۆك ئێریش ئۆڵینهاوەر (Erich Ollenhauer)ی ئەڵمانی بوو، چونکە پاش هەڵبژاردنی بەچەند مانگێك کۆچی دوایی کرد.

لەسەرەتاوە تاکو ئێستا سەرۆکەکان بەم شێوەیەیە:

مۆرجان فلیپس (Morgan Phillips) ١٩٥١ ـ ١٩٥٧.

ئەلسین ئەندرسین (Alsing Andersen) ١٩٥٧ ـ ١٩٦٢.

ئێریش ئۆڵینهاوەر (Erich Ollenhauer) ١٩٦٣.

برۆنۆ پیتەرمان (Bruno Pittermann) ١٩٦٤ ـ ١٩٧٦.

ویلی برانت (Willy Brandt) ١٩٧٦ ـ ١٩٩٢.

پیەر ماوری (Pierre Mauroy) ١٩٩٢ ـ ١٩٩٩.

ئەنتۆنیۆ گاتیریس (Ant?nio Guterres) ١٩٩٩ ـ ٢٠٠٥.

جۆرج پاپاندریۆ (George Papandreou) لە ٢٠٠٦ ـ وە سەرۆکە.

هەروەها ئێستا لەجیهاندا بەشێکی زۆری وڵاتان لەلایەن پارتە سۆسیال دیموکراتەکانەوە بەڕێوە دەبرێن.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

### ئارمی سۆسیالیست دیموکراتەکان

ئارمی سۆسیال دیموکرات بریتییە لەگوڵێکی سوور کە لەلایەن هونەرمەندی گرافیکی (ئەنجیلۆ رۆمانۆ ـ Angelo Romano)ەوە دروستکراوە. شایانی باسە زۆربەی ئەو پارتانە گوڵێکی سووریان کردۆتە ئارم و هێما بۆ پارتەکەیان کە جێگای چەکوش و داسی جارانی گرتۆتەوە، ئەو گوڵە سوورانە هێمایەکە بۆ پەیامی ئەو پارتە سۆسیال دیموکراتانە کە ئامانجیان ئاشتی و یەکسانی و پەرەپێدانی ئابووری و ژینگەپارێزییە.

### سۆسیال دیموکرات لەئێستادا:

سۆسیال دیموکراتەکان لەسەرەتاداو لەیەکەم کۆنفرانسیاندا کە لەئەڵمانیا بەڕێوەچوو نزیکەی (٥٠) حزبی سۆسیالیستی میانڕەوو ریفۆرمخوازو لایەنگری شێوەکانی پەرلەمانی دیموکراسی بەشداریان تێدا کرد. بەڵام بەتێپەڕبوونی کات و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەلیستی جیهانیدا ڕوویاندا وایکرد لەماوەیەکی کورتدا سۆسیال دیموکراتەکان پەرەبسێنن و بەشێوەیەکی بەرچاو فراوان ببن. لەئێستادا نزیکەی (١٥٠) حزب لەسۆسیال ئینتەرناسیۆنالدا ئەندامە، وەك حزبە سۆسیالیستەکانی فەرەنسا، ئیتاڵیا، سوید حزبی سۆسیال

ديموكراتی ئەڵمانياو  پارتی كرێكارانی بەريتانيا، ئەمڕۆ جگە لەحزبە ئەوروپيەكان، چەندين حزب لەكيشوەرەكانی ديكە لەم ڕێكخراوەدا ئەندامن. لەكۆنگرەی ئەسيناش جگە لەحزبە ئەندامەكان چەندين ڕێكخراوو كەسايەتی تێدا بەشدارەو لەسەر ئاستی كوردستانيش هەريەكە لەيەكێتيی نيشتمانيی كوردستانو حزبی ديموكراتی كوردستانی ئێران بەشداری كارو چالاكييەكانی ٢٣يەمين كۆنگرەكەيان كرد.



مەكتەبی بيروهۆشياری

مه كتەبی بیر و هۆشیاری

# ڕێکخراوی سوسیالیست ئەنتەر ناسیۆنال

## پێشەکی

بەحوکمی ئەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆتە ئەندامی هەمیشەیی ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال‌و هەڤاڵ مام جەلالیش بە جێگری سەرۆکی ڕێکخراوەکە.بەپێویستمان زانی چەند زانیارییەك سەبارەت بەو ڕێکخراوە بخەینە روو لەرووی ناساندن‌و ئامانجەکانی‌و پێکهاتەو پەیکەری ڕێکخراوەیی‌و لیژنەکانی ڕێکخراوەکە. هیوادارین سوودبەخش بێت بۆ ئەندامان‌و کادیرانی (ی. ن.ك).



مه كتەبی بیر و هۆشیاری

### یەکەم: ناساندنی ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال

ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال ڕێکخراوێکی سیاسی جیهانییەو چەندین حزبی سیاسی‌و دەسەڵاتدارو ئۆپۆزسیۆن بەجیاوازی دیدو بۆچوونەکانیانەوە لەژێر چەترەکەیدا کۆبوونەتەوە.

لەساڵی ١٩٥١ لەکۆنگرەی فرانکفۆرت لە ئەڵمانیا ئەم ڕێکخراوە دامەزراو ئەم شەقڵەی ئێستای وەرگرت. ئیدی لەو کاتەوە ئەم ڕێکخراوە پێشکەوتن‌و گەشەسەندنی گەورەی بەخۆوە بینی‌و ژمارەی ئەندامەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردو ئێستا ١٦٢ حزب‌و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ئەندامی ئەم ڕێکخراوەن. بەوەش بۆتە گەورەترین ڕێکخراوی سیاسی جیهانی حزب‌و ڕێکخراوەکان لەسەرانسەری جیهاندا.

### دووەم: ئامانجەکانی

ئەم ڕێکخراوە چەند ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە کە کار بۆ بەدیهێنانیان دەکات لەوانە: ـ

١ـ بایەخدان بەئازادی‌و عەدالەتی کۆمەڵایەتی‌و هەمئاهەنگی کۆمەڵایەتی.

٢ـ بەدیهێنانی ئاشتی جیهانی.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

٣ـ بەديهێنانی عەدالەتو يەكسانی، عەدالەت بەمانای كۆتايی هێنان بەهەموو جۆرەكانی پاكتاوی رەگەزی، يەكسانيش بەمانای يەكسانی لەمافو دەرفەتدا.

٤ـ چەسپاندنی ديموكراسیو پاراستنی مافەكانی مرۆڤ.

٥ـ بايەخدان بەژينگە.

٦ـ گونجاندنی تەكنەلۆژيا لەگەڵ پێداويستيەكانی كۆمەڵ بۆ سنوردانان بۆ كێشەكانی هەژاریو بێكاری.

٧ـ سنورداركردنی خۆپڕچەك كردن.

٨ـ داڕشتنەوەی سەدەی (٢١) لەرێی:

ـ پراكتيزەكردنی ديموكراسيەتی سياسیو ئابووری.

ـ چەسپاندنی بنەماكانی فێركردنو رۆشنبيركردن لەگەڵ بنەماكانی ديموكراسیو لێبوردەيی كۆمەڵايەتی گونجاو بێت.

ـ كاراكردنی رۆڵی ژنان لەكۆمەڵگەی هاوچەرخدا.

ـ داڕشتنی ميكانيزمی نوێی گەشەپێدان.

ـ دۆزينەوەی كلتورێكی نوێی جيهانی بۆ ديالۆگی سياسی بەردەوام.

ـ پشتگيری پرنسيپی زامنی كۆمەڵايەتی لەنێوان دەوڵەتانی باكورو باشور.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## سێیەم: پێكهاتەی رێكخراوەكە

رێكخراوی سۆسياليست ئينتەرناسيۆنال چەندين ئەندامی جۆراو جۆری هەيە كە بەم شێوەيەی خوارەوەيە.

١ـ ئەو حزبانەی ئەندامی تەواون:

ئەو حزبانە لەكۆنگرەو كۆنفرانسەكاندا مافی گفتوگۆو دەنگدانيان هەيە، پابەندن بەوەی ئابوونەی پەيوەنديكردن بدەن.

٢ـ ئەو حزبانەی ئەندامی راوێژكارن: ئەو حزبانە مافی گفتوگۆكردنيان هەيەو پابەندن بەدانی ئابوونەی پەيوەنديكردن، بەڵام مافی دەنگدانيان نييە.

٣ـ حزبە چاودێرەكان: ئەو حزبانە مافی ئامادەبوونو چاودێری كۆبوونەوە ياساييەكانيان هەيەو پابەندن بەدانی رسومی ساڵانەو مافی دەنگدانيان نييە.

٤ـ رێكخراوەی برايانە: ئەم رێكخراوانە سەر بە سۆسياليست ئينتەرناسيۆنالنو وەك رێكخراوی ژنانی رێكخراوی سۆسياليست ئەنتەرناسيۆنالو يەكێتی نێودەوڵەتی لاوانی سۆسياليستو رێكخراوی فالكۆن، ئەم رێكخراوانە مافی گفتوگۆو دەنگدانيان هەيە.

٥ـ ئەو رێكخراوانەی پەيوەستن بە رێكخراوی سۆسياليست ئينتەرناسيۆنالو سروشتێكی نێودەوڵەتی ياخود ناوخۆييان

مەکتەبی بیروهۆشیاری

هەیە، ئەوانە تەنها مافی گفتوگۆیان هەیەو مافی دەنگدانیان نییە.

## چوارەم: پەیکەری ڕێکخراوەیی

پەیکەری ڕێکخراوەیی ئەم ڕێکخراوە بەم شیوەیەیە:

١ـ کۆنگرە: کۆنگرە باڵاترین دەزگای ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵە.

ئەرکەکانی کۆنگرەش ئەمانەیە:

أ. ڕاگەیاندنی پرەنسیپەکانی ڕێکخراوەکەو ڕاپۆرتی لائیحەی ناوخۆیی.

ب ـ دیاریکردنی وەزعی ئەندامانی نوێ بەنیسبەت ڕێکخراوەگەو دان پێدانیان، (ئەوەش بەدەنگی زۆرینەی ٣/٢ی ئەندامانی کۆنگرە).

جـ ـ وەرگرتنی ڕاپۆرتی چالاکی لەکاتی مێژووی دواکۆنگرەوە.

ء ـ کۆنگرە هەرسێ ساڵ جارێك دەبەسترێت.

هـ ـ دیاریکردنی کاتو شوێنی کۆبوونەوەکانو ئامادەکردنی بەرنامەی تایبەت بۆیان



مەکتەبی بیروهۆشیاری

## مافی دەنگدان لەکۆنگرەدا

مافی دەنگدان لەکۆنگرەدا بەم شێوەیەیە:

أ. ئەو حزبانەی ئەندامی تەواون مافی دەنگدانو گفتوگۆیان هەیە.

ب ـ ڕێکخراوەکانی برایەتی وەك ڕێکخراوی ژنانی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵو یەکێتی نێودەوڵەتی لاوانی سۆسیالیستو جوڵانەوەی فالکۆن (هەڵۆ)ی نێودەوڵەتیو ڕێکخراوی سۆسیالیستی فێرکردنی نێودەوڵەتی مافی دەنگدانو گفتوگۆیان هەیە.

جـ ـ ئەو حزبو ڕێکخراوانەی ئەندامی ڕاوێژکارن تەنها مافی گفتوگۆیان هەیەو مافی دەنگدانیان نییە.

## نوێنەرایەتی لەکۆنگرە

نوێنەرایەتی لەکۆنگرە بەم شێوەیە:

أـ وەفدی هەریەك لەو حزبانەی ئەندامی تەواونو ڕێکخراوە برایانەکانیش تەنها بە هەشت ئەندام بەشدار دەبن.

ب ـ ئەو حزبانەی ئەندامی ڕاوێژکارنو هەروەها ڕێکخراوە پەیوەستەکان تەنها بەچوار ئەندام بەشدار دەبن.

جـ ـ حزبە چاودێرەکان تەنها بە سێ ئەندام بەشداری دەکەن.

## لێسەندنەوەی ئەندامێتی حزبەکان:

بڕیاری لێسەندنەوەی ئەندامێتی حزبو ڕێکخراوەکان بە دەست کۆنگرەیە، ئەویش بەدەنگی ٣/٢ ی ئەندامانی کۆنگرە.

## ٢ـ ئەنجومەن:

أـ ئەنجومەنی ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال پێکدێت لەهەریەك لە (ئەو حزبانەی ئەندامی تەواون، ڕێکخراوی ژنانی ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال، یەکێتی نێودەوڵەتی لاوانی سۆسیالیست، جوڵانەوەی فالکۆنی نێودەوڵەتی). هەریەك لەو لایەنانە تەنها یەك دەنگیان هەیە.

ب ـ لەسەر ئەنجومەن پێویستە هەموو بڕیارو سیاسەتو نەخشە پێویستەکان لەدیدارەکانی کۆنگرەدا دابڕێژێت. هەروەها ڕاسپاردەی تایبەت بە ئەندامە نوێیەکانو هەڵپەساردنی ئەندامێتیو بێبەش بوون لەئەندامێتیو هەموارکردنی سیستمی بنچینەیی ڕێکخراوەکە پێشکەش بەکۆنگرە بکات.

جـ ـ پێویستە لەسەر ئەنجومەن پێشنیارەکانی سەبارەت سەرۆکی پاڵێوراوو جێگیرە پاڵێوراوەکانی سەرۆكو سکرتێریی نهێنی پاڵێوراو پێشکەش بە کۆنگرە بکات.



د ـ ئەنجومەن سەرپەرشتی دانیشتنەکانی کۆنگرە دەکات، هەروەها ئەنجومەن مافی هەیە کۆنگرەی تایبەتو پسپۆڕی هەرێمی ببەستێت، هەروەها ئەنجومەن مافی هەیە ئەڵقەو لیژنەکانی لێکۆڵینەوە دابنێت بۆ دامەزراندنی سەرۆكو سکرتێری ئەو دەزگایانەو دیاریکردنی چوارچێوەی دەسەڵاتەکانیان.

٥ـ ئەنجومەن بە ئامادەبوونی لیژنەی دارایی و ئیداری بودجەی ساڵانەی پەسەند دەکات.

٦ـ ئەگەر لیژنەی داراییو ئیداری ئەنجومەنی ئاگادار کردەوە لەوەی کە حزبێکی ئەندام ماوەی سێ ساڵ ئابوونەی ئەندامێتی نەداوە، ئەنجومەن لەو کاتەدا ئەندامێتی ئەو حزبە لەڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال هەڵدەپەسێرێت.

٧ـ پێویستە ئەنجومەن بنەماکانی ئیجرائاتی تایبەت بەخۆی دابڕێژێتەوە.

## پێنجەم: لیژنەی پرنسیپو بنەمای پیشەیی

ئەم لیژنەیە پێکدێت لە (١٥) حزبی ئەندامو ڕێکخراوی برایانە کە ئەندامی ئەنجومەننو لەڕێی ئەوەوە هەڵبژێردراون. سەرۆکی لیژنەی پرەنسیپو بنەمای پیشەیی لەلایەن ئەندامانی هەمان لیژنەوە هەڵدەبژێردرێن.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

کاری ئەم لیژنەیە ئەوەیە کە سەیری داخوازی ئەندامێتی ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال دەکاتو چاودێری حزبەکانی ئەندام دەکات بۆ ئەوەی بزانێت تا چ ئەندازەیەك ڕێزی لائیحەی پرەنسیپو بنەماکانی پیشەیی دەگرن. هەروەها ئەم لیژنەیە ڕاسپاردە سەبارەت بە حاڵەتەکانی سەرپێچی لەلائیحەی پرەنسیپو بنەماکانی پیشەیی پێشکەش بەئەنجومەنەکە دەکات.

نەصابی یاسایی لیژنەی پرەنسیپو بنەماکانی پیشەیی لە ٨ ئەندام پێك دێتو ساڵی دووجار کۆدەبێتەوە.

### شەشەم: لیژنەی داراییو ئیداری

ئەم لیژنەیە پێکدێت لە (١٥) حزبی ئەندامو ڕێکخراوی برایەتی لەئەندامانی ئەنجومەنو بەهۆی ئەو ئەنجومەنەوە هەڵدەبژێردرێن.

دەبێت لیژنەی داراییو ئیداری ڕاپۆرتو ڕاسپاردەکانی ئەنجومەنو سکرتێری نهێنیو ئەندامانی ئەنجومەنی ئەفراد بەهەند وەربگرێت.

ئەم لیژنەیە بەرپرسە لەئیدارەی گشتیو ئیدارەی دارایی ڕێکخراوی سۆسیالیستی ئینتەرناسیۆنال، هەر ئەم لیژنەیە ڕاسپاردە پێشکەش بە ئەنجومەن دەکات سەبارەت بە نرخی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەو ڕسومانەی کە ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەر ناسیۆنال فەرزی دەکات.

لیژنەی داراییو ئیداری ماوەی خزمەتی فەرمانبەرە سیاسییەکان پەسەند دەکات، نەصابی یاسایی ئەم لیژنەیە لەهەشت ئەندام پێك دێتو بەلایەنی کەمەوە لەساڵێکدا دووجار کۆدەبێتەوە.

هەر ئەم لیژنەیە بودجەی هەر ساڵێکی داهاتوو دادەنێتو دەیخاتە بەردەم ئەنجومەن.

### حەوتەم: تەمویل

خەرجیەکانی سکرتێری نهێنی دابین دەکرێت لەڕێی ئابوونەی ئەندامانی تەواو و ئەندامانی ڕاوێژکارو ڕسوماتی ئەندامانی چاودێرو هاوکاری ڕێکخراوە بەشدارەکانو ڕێکخراوەکانی برایەتی.

مەكتەبی بیروهۆشیاری



مەكتەبی بیروهۆشیاری

# چەند دیمەنێكی

## ٢٣ هەمین كۆنگرەی SI ـ یۆنان ـ ٢٠٠٨


PRESIDENT
SOCIALIST INTERNATIONAL






XXIII CONGRESS OF THE
SOCIALIST INTERNATIO
The courage to make a differen


IRAQ
SOCIALIST INTERNATIONAL

# بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)

## ٢٠٠٧ - ٢٠٠٨

مەکتەبی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢١٠. | عیراق، سەردەمی ساغ بوونەوە | بەکر صدیق | ٢٠٠٧ |
| ٢١١. | تـــیرۆرو ســـەقامگیری سیاســـیو چـــەند لێکۆڵینەوەیەکە تر | بەکر صدیق | ٢٠٠٧ |
| ٢١٢. | کەرکوك بۆ مێژوو دەدوێت | سەرپەرشتیار/ مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢١٣. | دەستورو ژن | و: کامیل محەمەد قەرەداخی | ٢٠٠٧ |
| ٢١٤. | ژان ژاك رۆسۆ | کاوە جەلال | ٢٠٠٧ |
| ٢١٥. | مبدآ الفصل بين السلطات و وحدتها | القاضي / لطيف مصطفى أمين | ٢٠٠٧ |
| ٢١٦. | بنچینەکانی کورد | ن. ڤلادیمێر مینۆرسکی<br>و. نەجاتی عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| ٢١٧. | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | کارزان محەمەد | ٢٠٠٧ |
| ٢١٨. | کەرکوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا | گۆران سالح | ٢٠٠٧ |
| ٢١٩. | زمانە فەرمیەکان | تاریق جامباز | |
| ٢٢٠. | ئەنفالو دادگا | سالار مەحمود | ٢٠٠٧ |
| ٢٢١. | نۆڤین _ ١٠ _ | — | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٢. | الكرد | د.نوری تالەبانی | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٣. | هەڵۆی سوور (چاپی دووەم) | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٤. | مام جەلال | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٥. | المدخل الى القانون الدولي الانساني | جبار سعيد محي الدين | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٦. | الكُرد اليوم | ت: غسان نعسان | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٧. | سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا | و: ئاوات عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٨. | ڕێبازی لێکۆڵینەوە لەزانستی سیاسیدا | ئیسماعیل شێخ موراد | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٩. | ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان | و. کارزان عومەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٠. | تیرۆر | هیمداد مەجید عەلی | ٢٠٠٧ |
| ٢٣١. | گەنجە کوردەکان | فەرهاد پیرباڵ | ٢٠٠٧ |



مەکتەبی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٣٢. | بەعسیزم و کورد | سۆزان کەریم مستەفا | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٣. | بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکان | محەمەد فاتح | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٤. | شاری کەرکوك | پشکۆ حەمە تاهیر | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٥. | میرعەبدال خانی بدلیس | بوار نورەدین | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٦. | فەلسەفە ـ ڕۆشنگەری، فێندەمێنتالیزم | و. شوان ئەحمەد | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٧. | عێـــراق، قـــەیرانی ئاســـایشو ســـتراتیژێتیو بنیاتنانەوەی | فەرزەند شێرکۆ | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٨. | نۆڤین ژمارە ـ ١١ ـ | - | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٩. | الحقوق السياسية للكورد في الدول التي تضم كردستان | ليلاف حمد أمين عزيز | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٠. | مێژووی شۆڕشی روسیا | لیۆن ترۆتسکی<br>و. عەزیز ئالانی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤١. | دەروونناسی جەماوەری فاشیزم | ویلهلم رایش<br>و. هەژار جوانڕۆیی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٢. | جاش و جینۆساید | مەحمود سەنگاوی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٣. | زارا ـ عەشقی شوان | محەمەدی قازی<br>و. عەزیز گەردی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٤. | پوختە باسێك دەربارەی سۆسیال دیموکراتی | زانا | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٥. | تأريخ تركيا المعاصر | ت. د. هاشم صالح تكريتي | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٦. | لەگۆڕەپاندا | و. ساروز ئەفروزی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٧. | نۆڤین ـ١٢ـ | — | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٨. | المنطقة المتنازع عليها | د.خليل اسماعيل محمد | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٩. | فەلسەفەی سۆسیال دیموکراتی | د. حەمید عەزیز | ٢٠٠٧ |
| ٢٥٠. | سۆسیال دیموکراتی | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٥١. | هەرێمی کوردستان و تورکیا | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٢. | پارتی سۆسیال دیموکراتی سویدی | عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٣. | جلال طالباني رجل القرار | حوار الفضائية العراقية | ٢٠٠٨ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٥٤. | لەکییە هاردیەوە بۆ گۆڕدن براون | سلێمان عەبدوڵڵا | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٥. | دەسەڵاتی دادوەری | گۆران ئازاد حمە گەمحان | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٦. | جەنگی دەرونی | ئاراس فەریق زەینەڵ | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٧. | كركوك بموجب احصاء عام ١٩٥٧ | قسم البحوث واستطلاعات الرأي | ٢٠٠٨ |

مەکتەبی بیروهۆشیاری



مەکتەبی بیروهۆشیاری

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.